**د. جاسم تۆفیق خۆشناو،**

# کام خەڵاتی ئاشتی بۆ سەرۆکی هەرێم، مەسعود بارزانی؟

لە 9 نۆڤەمبەری 2010 رۆژنامەی خەبات، لە لاپەرەی یەکەم دەنوسێت "سەرۆکی کوردستان بۆ وەرگرتنی مەدالیای ئاشتی پەیمانی ناتۆ دەستنیشانکراوە". ئەم هەواڵە زۆر سەرسامی کردم، لەبەر دوو هۆ:

**یەکەم:** تاکو ئێستا "هەرێم" دوو ئیدارەیە، ئارامی و ئاشتی لە ناو "ماڵ"ی کورد بەرقەرار نەبووە، بە هۆی جیاوازی بیرورا نانبراو دەکرێیت، لە ماف و خزمەتگوزاری بێبەش دەکرێیت[1]، تێهەلدەدرێیت و زۆرجاریش شونبزر دەکرێیت[2]. حیزب نەك هەر لە دەولەت و دامەزراوەکانی جیا نەکراوەتەوە بەلکو ئەوە حیزبە (پارتی و یەکێتی) ئەو دامەزراوانە ئاراستە دەکات و بە ئارەزوی و بۆ بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەی بەکاریان دەهێنێت. ئەمەش بۆتە هۆی بلاوبوونەوەیەکی، بێ ئەندازە، لە گەندەلی ئیداری و سیاسی[3] و ئەخلاقی لە کوردستان[4]. پارتی، بە رابەری

---

[1] د. ئەرسەلان بایز، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ینك و جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە 2010/12/1 لە ك. ن. لە لاپەڕ 2 دەلێ "تا ئێستا سیمای دوو ئیدارەیی بە زەقی دەردەکەوێت. هێشتا شارۆچکەو گوندەکان موعاناتی دوو ئیدارەیی و حیزبایەتیان پێوە دیارە. هێشتا حیزب دەستی درێژی لەناو داوودەزگاکانی حکومەتدا هەیە. تا ئێستا حکومەت پشتیوانی ئەوەی لێنەکراوە یەك بەرێوەبەری ناحیەیەك دابمەزرێنێت. هەتاکەی جوتیارانی دێهاتەکان، بە بیانوی هەواداری و لایەنگیریان بۆ لایەنێکی سیاسی، لە ئاو و کارەبا و قیرتاوکردنی تەنیا یەك کم رێگای گوندەکانیان بێ بەش بکرێن .... تا کەی جەماوەر چاوەروانی ئەوە بکەن ئەم دوو حیزبە دلیان نەرم بێت و هەندێ دەستبەرداری دەستکەوتە حیزبیەکانی خۆیانبن و حکومەت بکەن بە حکومەتی هەموو خەلك؟" ئەمە قسەی کەسێکە، خۆی و حیزبەکەی، بەرپرسیاریەتێکی گەورەی، ئەم بارودۆخەیان، لە ئەستۆیە، لە کۆتای 2010 ئەم راستیە بەیان دەکات کە کۆمەلانی خەلك لە هەموو کۆرو مەجلیسێك باسی دەکەن. ئەگەر د. ئەرسەلان لەگەل خۆی راستگۆ بێت حەقە، وەکو پرۆتێست لە دژی ئەم بارودۆخە، واز لە پۆستە حیزبی و پەرلەمانیەکەی بهێنێ.

[2] پاراستن بە بێسەروشوێنکردنی پلەدارێك تۆمەبار دەکرێت، بروانە هەفتەنامەی هاولاتی 2010/12/1، هاولاتی "چیرۆکی بێسەرو شوێنکراوەکانی بزوتنەوە، لە لایەن ینك، بلاودەکاتەوە"، هاولاتی 2010/12/05. هاولاتی لە ژمارە 687ی 2010/12/12 "ناوی بێسەروشوێنەکانی ینك بلاودەکاتەوە".هەفتەنامەی هاولاتی، لە 2010/9/20 زانیاری لەسەر 44 گەریلای پکك بلاودەکاتەوە کە لە لایەن پارتی کوژراون و بێسەروشوێن کراون.

[3] عێراق، بە کوردستانەوە، لە ریزی پێشەوەی ولاتە هەرە گەندەلەکانی دونیا حساب دەکرێت، بنوارە راپۆرەکانی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەولەتی. http://www.transparency.org/publications/annual_report

بەرپرسی نوسینگەی بالوێزخانەی ئەمریکی لە هەولێر دەلێ "گەندەلی هۆکاری سەرەکی نەهاتنی کۆمپانیا ئەمریکیەکانە بۆ کوردستان"، رۆژنامە، 2008/8/27.

[Digitare il testo]

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەسعود و نێچیرڤان  بارزانی شانازی بەوە دەکات کە 950 هەزار ئەندامی هەیە، لە هەرێمێکی 5 ملیۆن کەسی، با بلێین لە عێراقی فیدرال کورد 7 ـ 8 ملیۆنە، یەك ملیۆن پارتیە ، ئەوە بە هیچ جۆرەك مایەی دلخۆشی نیە. ئەگەر ینك (450 هەزار) و پارتەکانیتر، بە هەموویان، یەك ملیۆن ئەندامیان هەبێت ئەوە کارەساتێکی گەورەیە، واتە ئەو کۆمەلگایە، بە مەلۆتکەو مندالی سەر بێژینگ و سەربێشکە و بە سالاچوەکان  ¼ خاوەن هەویەی حیزبایەتیە، لە هیچ ئەزمونێکی دیکتاتۆری (بە چەپ و راست)، لە مێژووی دوورو نزیك، کۆمەلگا ئەوها بە "مێگەل" نەکراوە. بە ووتەی هەندێ لە پەلەمنتاری کوردستان تاکو ئێستا "زیندانی نهێنی" لە هەرێم هەیە[5] و بە بەردەوامی مافی مرۆڤ پێشێلّ دەکرێت[6]. لەسێبەری دەسەلات، بە رۆژی روناك، دەستدرێژی دەکرێتە سەر رۆژنامەنوسان، دارکاری دەکرێن و ناوە ناوەش تیرۆر دەکرێن[7]. لەژێر سێبەری حیزب، سالانە، بە سەدان و هەزار ئافرەت خەلتانی خوێن دەکرێن[8] و پاشان بە "حیلە شەرعی" بە بریاری سەرۆکی هەرێم بکوژەکان

---

[4] وەکو ئاشکرایە، لە سایەی دەسەلاتی دوو حیزبی، هەرێم پڕ بووە لە "قومارخانە، قاحپەخانە و ئارەقخانە"، بە هیچ شێوەیەك  دژی دیاردەی لەشفرۆشی ئافرەت نین بەلکو لە چوارچێوەی یاسا و پاراستنی ئافرەتەکان لەدەستی باندەکانی مافیا و حیزبی، مەیخواردنەوەش، لە شوێنەگشتیەکان، سنوردار بکرێت، قومارخانە تا بکرێت رێگەی بلاوبونەوەی لێبگیرێت باشە.
لە سەرەتای 2009، مام جەلال بریاری داخستنی دەیان بنکەو یانەی دەرکرد، لە هەرێمی سەوز، کە  بە زمانی میدیاکانی ینك "قومارو کاری نەشیاویان لێئەنجام دەدرا"، ئەم شوێنانەش بە قسەی سایتی چاودێر (13 و 2009/1/16) هی بەرپرسە بالاکانی ینك بوون. هەر بۆ ئەم مەسەلەیە بنوارە "تالەبانی بە نایاسایی قومارخانەکانی سلێمانی داخستوە"، هەفتەنامەی "هاولاتی"، ژ 490 ی 2009/1/14 .
دەربارەی دیاردەی لەشفرۆش و رۆلی بەرپرسە حیزبیەکان بنوارە: خەندان محەمەد جەزا سەرپاچ، ئۆقیانوسێك لە تاوان، سلێمانی 2008، 410 لل.

[5] خاتون ڤیان عەبدوارەحیم، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، لە 2010/11/15 رایگەیاند "لیژنەکەمان لە بونی زیندانی نهێنی لەکوردستان ئاگادار کراوەتەوە و شوێنەکەشیمان پێراگەیانراوە"، بنوارە سایتی "سبەی":
http://www.sbeiy.com/ku/print/news.aspx?id=31573

[6] جگە لە سەرچاوەو بەلگە ،بە زمانی کوردی، دەکرێت سود لەو دەیان راپۆرت  و بەلگەی رێکخراوە جیهانیەکانی وەکو ئەمنستی ئینتەرناشنالّ، چاودێری مافی مرۆڤ، و وەزارەتی دەرەوەی USA وەربگیرێت.

[7] لە 2008/7/21 سۆرانی مامە حەمە، لە شاری کەرکوك  تیرۆر کرا، سەردەشت عوسمان لە 2010/5/4 لە زانکۆی هەولێر رفێنرا و دوای 2 رۆژ تەرمەکەی لە موسل دۆزرایەوە، نەبەز گۆران زیاد لە جارێك لێیدراو بە ناچاری و بە دلشکاوی هەولێری بەجێهێشت. نمونەی تۆقاندن و تیرۆریتر زۆرن ، جگە لە راپۆرتی رێکخراوە جیهانیەکان بنوارە راپۆرتی "سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان": http://www.kurdistanjournalists.com/Default1.aspx?page=articles&c=reports

[8] لەم جەند سالانی دواییدا بە دەیان ئامارو لێکۆلینەوە، سەبارەت بە کوشن و تیرۆرکردنی ئافرەت،  لە دوای راپەرین  بلاوکراوەنەوە، کەمترین ئامارە بە 10 هەزار و زۆرترینیش باسی 30 هەزار ئافرەت دەکەن کە بە بیانوی نامۆس، شەرڤ و جیا جیاتر تیرۆرکراون. بە پێی راپۆرتێك، لە 1991 تا 2007، 12500 ئافرەت بە بیانوی شەرەف کوژراون، هەفتەنامەی میدیا، ل 1ـ6، 2008/5/27 بە پێی راپۆرتی وەزارەتی مافی مرۆڤی هەرێم لە نیوەی یەکەمی 2008 زیاد لە 200 ئافرەت، بە کوشتن و سوتان، گیانیان لە دەست داوە، رۆژنامە، 2008/8/13.  بە پێی راپۆرتێکی وەزارەتی تەندروستی، لە سالی 2007، 515 ئافرەت بە گومانی دەستدرێژی سێکسی پشکنینان بۆ کراوە، هەفتەنامەی میدیا، لل 1ـ2، 2008/02/26.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئازاد دەکرێن[9]. لە هەرێمێك "حیزب" حوکمی قەرەقوش دەکات، ژیان و مەرگی هاولاتیان کۆنترۆل دەکات، لە وەزیرەوە تا دەگاتە مجێور دادەنیّ و ترۆ دەکات، دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و دادوەری دەستکردی خۆیەتی. لە هەرێمێك، هەموو پۆستە گرنگەکانی حکومەت لە ناوەوەو دەرەوە بەسەر بنەماڵەی سەرۆك بارزانی و تالەبانی دابەشدەکرێت، سەرەوت و سامان و دارو بەردی ئەو ولاتە لەسەر خۆیان تاپۆ دەکەن[10]. لەهەرێمێکی بچکۆلە بە دەیان ناوچە، شارو بازێڕ لە هاولاتیان حەرامکراون Off Limits. لە هەرێمێك زۆربەی بەپرسە گەورەگان، بە مامۆستایانی ئاینیش، ئەندامانی پەرلەمان (بەتایبەت خولی دووەم)، مامۆستایانی زانکۆ و دادوەرەکان بە ساختەو تەزویر بروانامەی علوجیان لە گیرفانە[11]. کەواتە هیچ رێکخراو، فۆنداسیۆن و دامەزراوی خاوەن سەروەری و مۆرال غیرەتی ئەوەی نیە مەدالیای ئاشتی ببەخشێتە سەرۆکێکی، بیّ هەلوێست لە بەرامبەر ئەو هەموو گەندەلی و ناعەدالەتیە، هەرێمکی ئەوها پڕ گێچەل و پێشێلکاری و خۆی روبەروی رەخنە و گلەیی بکاتەوە.

**دووەم**: لە میدیاکانی پارتی باس لە مەدالیای ئاشتی "پەیمانی ناتۆ" کراوە و گوایە لە ئایندەیەکی نزیك، لە مەراسیمێکی فەرمی، لە رۆمای پایتەختی ئیتالیا

[9] خاتو ئاشتی عەزیز، ئەندامی لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان دەلیّ سەرۆکی هەرێم، لە کاتی بریاری لێبوردنی 207 کەس کە زۆریان بە تاوانی کوشتنی ژنان حوکمدرابوون، پرس و راوێژی بە لایەنی پەیوەندار نەکردووە و ئەوەش زیانی لێدەکەوێتەوە www.sbeiy.com/ku/print/news.aspx?id=31738. ئاشتی عەزیز و زۆر قانون ناس و چاودێری سیاسی پێیانوایە "دەسەلاتی لێبوردن " وەك ئێستای هەیە باشترە لە سەرۆکی هەرێم بسێندرێتەوە. لە راستیدا لە هیچ ولاتێکی پەرلەمانی مۆدێرن پاشا، سەرەك کۆمارو سەرەك وەزیران، بەبیّ گفتوگۆی کراوەو رەزامەندی و بریاری پەرلەمان بریاری "لێبوردنی گشتی یان بە کۆمەل" نادات، زۆرجاریش دەیخەنە راپرسی.

[10] بە بریاری نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەت، 195 دۆنم زەوی، لە باشترین و خۆشترین گەرەکی هەولێر، لەسەر سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران (د. نوری عوسمان) تاپۆ دەکرێت، هەر دۆنمەك 2500 مەتر چوار گۆشەیە، هاولاتی، 2008/8/10. هەر خوا دەزانیّ لەسەر ئەندامانی بنەماڵە و بەرپرسە گەورەکان چی تاپۆ کراوە؟

[11] لە دوای راپەرین، بروانامەی ساختە، لە هەولێر (لە شێخەڵا) دروست دەکراو ئێستاش بەردەوامە، لە خولی دووەمی پەرلەمان 24 ئەندام لە زانکۆی "سانت کلێمێنتس"ی وهمی بروانامەیان وەرگرت، لە دوایدا ئەم زانکۆیەیان داخست. لە دوای کەوتنی رژێمی سەدام بروانامەی علوج پەرەی سەند، لە زۆربەی زانکۆکانی هەرێم ئەم بروانامانە بۆ بەرپرس و کادیرەکانی حیزب دروستکران یانیش پۆستیان (قبول خاس)، لە خوێندنی بالا، بۆ دابینکرا. بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر ئەم دیاردەیە بنوارە: هاولاتی، 2008/7/20، رۆژنامە، 2007/7/16. لە شاری هەولێر 476 بروانامەی علوج ئاشکرا دەکرێن، ئاوێنە، 2008/7/8، بەهۆی بروانامەی ساختە 125 خوێندکاری پەروەردەی سۆران دەردەکرێن. هاولاتی، 2008/9/28، 2008/9/14. لە کوردستان خوێندنی بالا تەنها بۆ کادیرانی حیزبیە، ئاوێنە 2008/9/9. گەندەلی لە زانکۆی دهۆك هەیە، گۆڤاری "هەنگاو"، 2008/9/1. "گەورەترین تاوان بەرامبەر بە خوێندن بە حیزبیکردنی سیستەمی پەروەردەیە"، میدیا، ل 14، 2008/6/3. دەکرێت ئاماژە بۆ زۆر نمونەیتر بکرێت بەلام وەك دەلێن "مشتێك لە خەروارێك". بەمجۆرە "زانکۆکانی کوردسان بونەتە شوێنی کوشتنی مەعریفەت"، رۆژنامە، ل، 12، 2008/5/5.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەیبەخشنە مەسعود بارزانی. وەکو ئاشکرایە پەیمانی ناتۆ پەیمانێکی "سەربازی"یە و لە سالی 1949 دامەزراوە و تاکو ئێستا هیچ مەدالیایەکی ئاشتی نەبوەو نەیبەخشیتەوەو ئەمڕۆشی دەگەلدا بێت نیەتی. بارەگای پەیمانی ناتۆ لە "بروکسێل"ی پایتەختی بەلچیکایە و بۆ دەبێت ئەم خەلات و مەراسیە لە ئیتالیا بکرێت؟

دەیان نووسەر و پسپۆری ئەدکادیمی وتاری مەدح و سەنا و پیاهەلگوتنیان بلاوکردەوە بەبێ ئەوەی مەنتیق بەکار بهێنن و بچنە بنج و بنەوانی ئەم هەوالە، کەسێك نەیووت سالی رابردو یان فلان کەسایەتی جیهانی، لە رابردو، ئەم خەلاتەی پێ بەخشراوە.

لە راستیدا ئەم هەوالە ئەسل و ئەساسی نیە، تەنها بۆ چەواشەکاری و شاردنەوەی کەموکوری و شکستەکانی سەرۆکی هەرێم، ناوە ناوە، بلاودەکرێنەوە. پێمانوایە ئەم هەوالانە زیان بە هەیبەتی سەرۆکایەتی هەرێم و خودی بەڕێز مەسعود بارزانی دەگەیەنن، بەرپرسیاریەتی گەورەش دەکەوێتە ئەستۆی راوێژکارەکانی، لە پێشەوەی هەمویان سەرۆکی دیوانی هەرێم کە بۆ هەموو سەردان و جولەیەك لە تەك سەرۆکی هەرێمە. 3 سال پێش ئێستا پرۆفیسۆر عەباسی وەلی، سەرۆکی ئەوکاتی زانکۆی کوردسان، لە چاوپێکەوتنێك ووتی "ئەو هەموو راوێژکارانە بە پێوەری حیزبایەتی و خزمایەتی دانراون و هیچ نازانن، تەنها قسەی قۆڕ دەکەن"[12]، ئەم قسەیەش بووە هۆی ئەوەی کودەتایەکی سەربازی بەسەر بکەن و لەکوردستان دوریان خستەوە، لە شوێنی ئەویش کۆنە ژەنەرالێکی سەربازی ئینگلیزیان دانا.

ئەوە جاری یەکەم نیە میدیاکانی پارتی و ئەوانەی لە ژێر کۆنترۆلی ئەواندان، سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان و حکومەت، هەوالی ناراست و چەواشەکاری بلاودەکەنەوە، بۆ نمونە سەرۆکی هەرێم لە 29 سبێتەمبەر تا 18 ئۆکتۆبەری 2010 سەردانی دەرەوەی کرد، ئەو میدیایانە تەنها باسی هەفتەی یەکەمیان کرد کە گوایە سەردانی ئیتالیای کردوە، دوو هەفتەکەیتریش، بە ئەمری باری تەعالان کەس

[12] هەفتەنامەی میدیا، 2008/01/29



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەیزانی زەوی قوتیدا یان ئاسمان هەلیمژی. میدیاکانی پارتی ووتیان و نوسیان سەرۆکی هەرێم ئێوارەی 29 سێپتەمبەر لە لایەن جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتالیا، بە گەرمی لە فرۆکەخانە، پێشوازی لێکرا بەبێ ئەوەی ناوەکەی بلێن، بە دەیان وێنەی بەناو جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتالیا لە سایتی سەرۆکایەتی بلاوکرانەوە. لە راستی ئەو بەرێزە، ناوی جاننی ڤێرنێتی Gianni Vernetti نەك هەر جێگری وەزیر بەلکو فەرمانبەرێکی بچوکی وەزارەتی دەرەوەش نەبوو، یەکێکە لەو دەیان کەسەی، لە پرێکا، بوونەتە دۆستی نزیکی سەرۆکی هەرێم. لێرە دوو قسەی خۆشم دێتەوە بیر: لە هەولێر دەلێن "هەتا گندۆر گندۆر بوو خزمێمە گەلەك زۆر بوو، گندۆر هاتنە برانێ خزم هاتنە قرانێ"، ئەوی تریش "حاجی کونجی لێدە برنجی"[13]. ئێستاش گندۆرەو کونجی زۆرە بۆیە دۆست و راوێژکاری سەرۆکی هەرێم، وەکو کوارگ، سەر دەردێنن.

رۆژی 5 ئۆکتۆبەر سەرۆکی هەرێم لە رۆما، بە فەرمی، نوسینگەی مەکتەبی حکومەتی کوردستانی کردەوە، دیسان میدیاکانی پارتی و ینك ووتیان لەم مەراسیمە جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتالی، دەیان پەرلەمەنتار و ئەکادیمی و دۆستی کورد ئامادەبوون. لە راستی نە جێگری وەزیر و نە ئەوانیتر ئامادەبوون. عەجایب لەو ولاتە گەورەیە کە هەزاران کوردستانیانی هەرێم لێی نیشتەجێبوون دوو ئەندام پەرلەمان، دوو مامۆستای زانکۆ، دوو رۆژنامەنوسی ... هتد دۆستی کورد نەبێت، تەنانەت بەیانێکی رۆژنامەوانیش بەم بۆنەیەوە بلاونەکرایەوە[14].

---

[13] دکتۆر عەبدول رەزاق ئەمانەتولا، پزیشك و پسپۆری دەمارو مێشك بوو، لە سالی 1947 لە قەلای هەولێر لە دایکبووە، لە1968 کوردستانی بەجێشت، هەرگیز بە زیندوی نەگەڕایەوە، لە 2010/11/22 لە رۆمای پایتەختی ئیتالیا، لە پرێکا دلی وەستا و کۆچی دوایکرد و لە 2010/12/02 تەرمەکەی گەیشتەوە پیرە هەولێرێ. بە حوکمی ئەوەی لەمن بە تەمەنتر و زۆر پێش من لە ئیتالیا بوو لە دوورەو یەکترمان دەناسی و چەندجارێك یەکترمان دیبوو. بە قسەی هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانم لە سالانی 1970 ـ 1980 تاکە کوردی هەرێم بوو لە رۆما و مالەکەی مەنزلگای هەموو ئەو کوردانە بووە کە رییان دەکەوتە رۆما، لە کۆمەلەی خوێندکاران و پارتی بوو بەلام بە خۆی دەیوت و رۆژی 2010/10/5 بە مەسعود بارزانیش ووت "ئەمن مەلاییمە، پارتی نیمە"، زۆر لە سیاسەتی دەسەلاتدارانی هەرێم ناڕازی بوو. لە کاتی قسەو گفتوگۆکانمان، وەکو تەعلیق بۆ بەرپرسەکانی هەرێم دەیوت "حاجی کونجی لێدە برنجی". وەکو بۆ منی گێڕاوەتەوە و بەدواداچوونم بۆی کردووە کاری باشی ئەنجامداوە، هەمیشە ئامادەبوو خزمەتی کوردو کوردستان بکات، لەبەر ئەوەی سەرتاپای ئەو نووسینەم، بە تەلیفۆن، لەگەل باسکردبوو، زۆر دلیخۆش بوو، زۆر هانیدام پەلە لە تەواوکردنی بکەم، وەك بلێی "دلی خەبەری دابوو". ئێوارەی 14/13 نۆڤەمبەر زیاد لە سەعاتێك قسەم لەگەلی کرد، ئەوە دوا جاربوو، رۆژی 26ی نۆڤەمبەر هەوالی کۆچی دوایم بیست و یادی بەخێر، هیوادارم لە دەرفەتێکی گونجاو بتوانم یادی بکەوە.

[14] بۆ زانیاری "نا دروست" بنواڕە خەبات، 2010/10/6، کوردستانی نوێ، 2010/10/7. تەماشای قسەکانی نوینەری حکومەت بکە کە لە پەیڤێکی 2 دەقیقەی و بە بێنووسینەوە پێشکەشی کرد، هیچ جۆرە چاوپێکەوتنێکیش دەگەل ئەو نوێنەرە نەکراوە یان CV بلاوبکرێتەوە. باسی ئامادەبوونی جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتالیکراوە و ناوی نەهاتووە بەلام لە راستیدا هیچ یاریدەدەرێکی وەزیر ئامادەنەبووە.

[Digitare il testo]

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرۆكایەتی هەرێم، تۆ بلێی، هەستی بە جۆرە قەلیقی و تارادەیەكیش شەرمەزاری نەكردبێت لە دانانی كەسێك بە نوێنەری حكومەتی هەرێم لە ئیتالیا كە بە شاهیدی نەیارو دۆستەكانی دەسەلات شایان و لێهاتوویی نیە؟ رۆژی 2009/10/26 نێچیرڤان بارزانی، لە كاتێك پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر ناو و پێكهێنانی كابینەی د. بەرهەم سالح دەكرد، بریاری دەستنیشانكردنی 3 كادیری پارتی، وەكو نوێنەری حكومەت لە دەرەوە دەركرد. لەم نوێنەرانە بەرێز خاتون رێزان قادر بۆ ئیتالیا[15]، بەرێز دلشاد بارزانی (برای سەرۆكی هەرێم) بۆ ئەلمانیا و بەرێز هەڤال دەسكۆ سیان بۆ ئوستوڕالیا. رۆژی 2009/10/28 د. بەرهەم و وەزیرەكانی متمانەیان وەرگرت و سوێندیان خوارد، لە هەمان كات لە سلێمانی "كۆنفرانسی كۆمیتەكانی دەرەوەی ینك" و پاشان "پلێنیومی ینك" بەرێوە دەچوو، د. بەرهەم پێیەكی لەهەولێر و یەكیشی لە سلێمانی بوو. ئەوە یەكەم گۆل بوو لە حكومەتەكەی دكتۆر بكرێت، ئەویش لە لایەن "هەڤال و برای ئازیز و خۆشەویست كاك نێچیروان بارزانی" كە كاك دكتۆر لە كاتی بەرنامەی كابینەكەی لە پەرلەمان خوێندیەوە زیاد لە جارێك

---

[15] خاتو رێزان لە سالی 1964 لە سلێمانی لە دایك بووە، لە كۆتایی سالی 1986، دوای شوكردنی بە كاك تەها سالح ، هاتە ئیتالیا، مانگێك بوو هاتبووە ئیتالیا، لە شاری ڤینیسیا یەكترمان دیت و ماوەی سەعاتێك لەگەل خۆی و كاك تەهای كۆنە هاوسەری قسەو باسمان كرد، بە موزیك ژەن خۆی بە من ناساند بەلام لە چالاكیە كوردستانیەكان و ئاهەنگی نەورۆز، وەكو ژەنیار، بەشداری نەكردوە. ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین هیچ خویندنێكی زانكۆی تەواو نەكردوە، لە رێكخستنی پارتی و خوێندكاران نەبووە، لە سالانی پێش راپەرین كورد لە ئیتالیا كەم بوو و هەموو یەكتر دەناسن كەچی، بە قودرەتی قادری، نێچیروان بارزانی و پارتی، لە 2005 كردیان بە نوێنەری حكومەت لە ئیتالیا، بە فەرمی لە 2010/10/26. میدیاكانی پارتی ناوی بە رێزان قادر، رێزانی سالح بەگ و رێزان حەمە سالح قادر ئاغا دەهێنن، ناوەكەی دواوە ئێستا لەسەر سایتی حكومەتی كوردستانە. لێرە، بە هیچ جۆرێك، رەخنەو گلەیی ئاراستەی رێزان خان ناكەین بەلكو ئاراستەی دەسەلات (بە تایبەتی پارتی) دەكەین.
پاش سالانێكی زۆر، لە رۆژی 2010/5/21، خاتو رێزانم لە سێمینارەك، لە سێناتی ئیتالیا، دیت وەك نوێنەری حكومەت وتارێكی 11 دەقیقەیی، بەدوو بەش، پێشكەشكرد. لەم كۆبونەوەیە نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان و كوردانی باكور و دەیان پەرلەمەنتاری ئیتالی، بە وتار، بەشداربوون. رێزان خان وتارێكی زۆر نارێكی، بەبێ نووسین، پێشكەشكرد، كۆمەلە درۆیەكی زەقی كرد "30 سالە لە ئیتالیا ئەژیم، پێشمەرگایەتیم كردووە، زیندانی كراوم ... هتد" كارگەیشتە ئەوەی هەندێ قسەی عەلەق و بەلەق و بازاڕی بكات "كوردستان زۆر پێشكەوتووە، حالمان باشە و بۆ خۆمان قەپاتین viviamo alla grande" كە بووە هۆی پێكەنین وگالتەپێكردنی ئامادەبوان. بە ئاگاداری ئێمە ئەوە یەكەمجارە خاتو رێزان بەشداری كۆڕێكی جەماوەری بكات و لە قسەكەشی دانی بەوەنا "30 سالٚ خەونم بە رۆژێكی وەك ئەمڕۆ دەبینی". لە راستیدا لە ماوەی ئەم 30 سالەی دوایدا بە دەیان كوردی خەمخۆر و نیشتمان پەروەر، بە دەیانجار، سەردانی پەرلەمان و بەشداری چەندەها سێمینار و كۆبونەوەیان كردووە. بۆ زانینیی ناوی بەشداربووەكان و گوێگرتن لە تەواوی وتارەكان، بە زمانی ئیتالی، كلیكی ئەم لینكە بكە:
http://www.radioradicale.it/scheda/303986/la-questione-curda-tra-europa-e-medio-oriente-democrazia-e-autonomia-pace-e-diritti-umani



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سوپاسی ئەو برا خۆشەویستەی کردو داواشیلێکرد، بە ڕێنمایی و ئامۆژگاری، یارمەتی کابینەکەی بدات[16].

دوای سالێك بە بەسەر چوونی ئەم بریارە، مەسعود بارزانی کە بە سەردانێکی حیزبی و شاندێکی پارتی و بۆ بەشداری لە سێمینارێك هاتە ئیتالیا، مەکتەبی "نوێنەرایەتی حکومەت"ەکەی، بە نهێنی، کردەوە[17].

هەر لەم سەردانە میدیاکانی پارتی ووتیان سەروکی هەرێم دەگەل وەزیری بازرگانی ئیتالیا کۆبوەوەو چەند رێکەوتنێکشیان ئیمزا کردوە، لە راستیدا سەرۆکی هەرێم، بە خاترانە، لە2010/10/1 لەگەل جێگری وەزیری بازرگانی، Adolfo URSO یەکتریان دیت و هیچ رێکەوتنێکیش مۆرنەکراوە[18]. لەم سەردانە رۆژی 4 ئۆکتۆبەر، دیسان بە خاترانە، چاوی بەوەزیری دەرەوەی ئیتالی، فرانکۆ فرەتینی، کەوت و لە میانەی دیتنەکە وەزیری دەرەوە داوای پارێزگاری مەسیحیەکانی کرد و ووتیشی "هەولدەدەین، ئەگەر بوجەی وەزارەت رێگەمان بدات، نوسینگە یان کونسولخانە لە هەولێر بکەینەوە تا یارمەتی کۆمپانیا ئیتالیاکان بدەین"[19].

---

[16] رۆژی 2009/11/14، لە شاری فلۆرانس لەو کاتەی خاتو هێرۆی مام جەلال بەسەردانێك لە ئیتالیا دەبێت و هەندێ لە برادەرانی کورد گلەیی ئەوە دەکەن کە حکومەتی د. بەرهەم خاتو رێزان قادری کردوە بە نوێنەری رەسمی، هەلەبەتە لەو هەموو سەردانانەی بۆ ئیتالیا باسی رێزان خانی بۆ کرابوو. هێرۆ خان بە گالتە پێکردنەوەو ووتبووی "ئێوە بۆ ئەمەندە خۆشباوەڕن، دلنیابن شتی ئەوها لە ئارادانیە". ئەو کاتە دەقی بریارەکەیان دابووە دەست کە بۆ یەکەمجار لە "پوك ـ میدیا" لە 2009/10/29 بلاوکرابووەوە، ووتیان "شەرم دایگرت" هەر ئەوەندەی بۆ مایەوە و بلێ "خۆم بەدواداچوونی بۆ ئەکەم". دەربارەی سەردانەکەی هێرو خان بنوارە "کوردستانی نوێ" 2009/11/17، دەربارەی بریاری حکومەت بنوارە:

Rappresentanti GRK all'Estero.mht

C:\Users\mustafa\Desktop\Rappresentanti GRK all'Estero.mht

[17] نە وەزیرێکی کابینەی د. بەرهەم، نە شاندێکی پەرلەمانی کوردستان، نە فەلاح مستەفای سەرۆکی نوسینگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە .... نە شاندێکی رەوەندی کورد لە ئیتالیا، نە رۆژنامەنوسێکی ئیتالی و کورد داوەتکرابوون. لەوە نهێنیتر چی دەبێت. بە پێی راگەیاندنی وەزارەتی بەرگری ئیتالیا، بارزانی بە یاوەری د. فواد حوسێن، عوسمان عەلی یان عەلی عوسمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی (لە راگەیاندنەکە وا نووسراوە) و راوێژکارێکی بارزانی (بازرگانێکی سیاسی ئیتالی بە ناوی داریۆ ریڤۆلتە Dario RIVOLTA) سەردانی وەزارەتی بەرگریان کردوە و بارزانی هەندێ پێشنیارو داواکاری پێشکەشکردوە، جێگری وەزیریش ووتوویەتی "لەگەل جەنابی وەزیر تاوتوێی دەکەین" کەچی راگەیاندنەکانی پارتی باسی ئەو سەردانەی وەزارەتی بەرگریان نەکرد. بۆ دەقی راگەیاندنی وەزارەتی بەرگری ئیتالیا و ناوی شاندە کوردی و ئیتالیەکە بتواڕە: http://www.difesa.it/Ministro/Sottosegretari/Crosetto/eventi+dettaglio.htm?wbc_purpose=b83%2Cbasic%2Cbasic&WBCMODE=presentatnunpublished%3FDetailID%3D515%2Cpresentationunpublished?DetailID=7548 نازانین بارزانی لە گەرانەوەی بۆ کوردستان چۆن چۆنی حکومەت، پەرلەمان و حیزبە هاوپەیمانەکەی لەم دیدارە ئاشکراو نهێنیانە ئاگادار کردۆتەوە.

[18] بۆ دەقی راگەیاندنی رۆژنامەوانی نوسینگەی جێگری وەزیری بازرگانی ئیتالیا، 2010/10/2 لێرە کرتە بکە:
http://www.mincomes.it/news/news2010/ottobre/cs01102010b.htm

[19] راگەیاندنی وەزارەتی دەرەوە،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**به هیچ شێوەیەك دلخۆشی خۆمان بەرامبەر ئەم کەموکورتیانە دەرنابڕین، بە پێچەوانە وەکو کەسێکی خەمخۆری گەل و نیشتمان ئاواتە خوازین دامەزراوەکانی هەرێم ساغلەمبن، کەسانی بە توانا، دلسۆز و لێهات و سەرپەرشتی بکەن و بیبەن بەڕێوە و کەموکورتیەکانی چارەسەر بکەن. تا پدك و ینك بەو عەقلیەتەوە بیر بکەنەوە و رەفتار بکەن ئەوە "ئەو بایە هەر لەم کونەوە دێت".**

**با بزانین "خەلاتی ئاشتی پەیمانی ناتۆ" چۆن و لە چ کەنالێکەوە دەدرێت بە سەرۆکی هەرێم  یان پێشنیاری بۆ کراوە. لە رۆژانی** 5 **تا** 11 **نۆڤەمبەری** 2010 **سێناتۆرێکی ئیتالی، بە ناوی سێرجیۆ دیٚ گرێگۆریۆ** Sergio De Gregorio**، بە شەخسی، بۆ بەرژەوەندی تایبەی و بە مەبەستی بازرگانی، سەردانی هەرێمی کرد. پەرلەمانی ئیتالی لە دوو ژور پێك هاتوە: سێنات** (315 ئەندام) **و ئەنجومەنی نوێنەران** (630**ئەندام). میدیاکانی دەسەلات ووتیان شاندێکی سێناتی ئیتالی، بە فەرمی، سەردانی کوردستانی کردوە بەلام تەنها ناوی سێناتۆر دیٚ گرێگۆریۆ بلاوکرایەوە. لەم ولاتانەی دەسەلاتەکان لە یەکتری جیاکراونەوە، هەر دامەزراوەیەك، بە یاسا سەروەری دیاریکراوە، سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیرو وەزیرەکان و جێگرەکانیان، سەرۆکی پەرلەمان و لیژنەکان ئەجێندای کاریان پێش دوو هەفتە بلاودەکەنەوە. هەولماندا بەلام سۆراغی ئەو شاندەی سێناتی ئیتالیامان لە هیچ شوێنێك دەست نەکەوت، هیچ رۆژنامەیەکیش، بە دوو دێر، باسی نەکرد**[20].

---

http://www.esteri.it/MAE/IT/Sala_Stampa/ArchivioNotizie/Approfondimenti/2010/10/20101004_Iraq_minoranze_cristiane.htm ئێمە لە دوای راپەرین وەزیری دەرەوەمان ناسی، ئەوکات ئەندام پەرلەمان بوو، زۆربەی ئەو کتێب و نوسینانەی بە زمانی ئیتالی بلاومانکردۆتەوە بە دیاری پێشکەش کردوە، لە نێو ئەم کتێبانە دوو دانە کراونەتە کوردی"مەسەلەی کورد و یاسای نێودەولەتان"، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتجی کوردستان ـ سلێمانی، 2002، لل510 و "دەخالەتی مرۆڤانە لە کوردستان"، دەزگای ئاراس ـ هەولێر، 2004، لل 150 دەبیٚ ئەوەش بلێین سەردانی ئەمجارەی بارزانی روو لە نشێو بوو، بالوێزی عێراق لە ئیتالیا سەیوان بارزانی برازایەتی، لەبەر خاتری بالوێز زۆر ئاسانکاری بۆکرا، لە هەموو شوێن و دیدارەکان یاوەری بوو.  ئەوەتە رۆژی 2010/9/30 شاندێکی حکومەتی بەغدا، بە ئامادەبوونی بالوێزی عێراق، لە وەزارەتی بازرگانی ئیتالیا ژمارەیەك رێکەوتنی بازرگانیان لەگەل یەکتر مۆرکرد، دیارە سەرۆکایەتی هەرێم و میدیاکانی دەسەلات ئەو رێکەوتنانەی بە هی خۆی لە قەلەمداوە. بۆ ناوی شاندی حکومەتی بەغدا و ئیتالیا و زانیاری، سەبارەت بە رێکەوتنەکان، کرتەی ئەم لینکە بکە: http://www.confartigianatolecce.it/index.php/internazionalizzazione/internazionalizzazione-attivita-promozionali/172-unioncamere-sottoscritta-la-partnership-istituzionale-italia-iraq.html

[20] دەربارەی دیدارەکانی سەرۆکی هەرێم لەگەل سەرەك وەزیران، وەزیرو بریکارەکان، سەروکی پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە، نەك هەر ئەمجارە بەلکو لە هیچ جارێك لە ئەجێندای فەرمی کارو چالاکیەکانی ئەم کەسایەتیانە باسی هاتن و دیداری مەسعود بارزانی نەکراوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

میدیاکانی دەسەلات نوسیان روژی 6 نۆڤەمبەر سێناتۆر دێ گرێگۆریۆ "سەرۆکی لیژنەی کاروباری ناتۆ لە سێناتی ئیتالیا" لە لایەن سەرۆکی هەرێم، بە گەرمی، پێشوازی لێکراوە، ئەویش سەردانەکی سەرۆك بارزانی بۆ ئیتالیا بەرز نرخاند، بریاری کردنەوەی کونسولخانەی ئیتالیای لە هەولێر، رەوشی ئابوری و وەبەرهەمهێنانیان تاوتێکرد و سەرۆکی لیژنەی کاروباری ناتۆ ئامادەی خۆی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی ئیتالیا و کوردستان پیشاندا"[21].

لە پەرلەمانی ئیتالیا هیچ لیژنەیەك (هەمیشەیی و کاتی) بەناوی "کاروباری ناتۆ" وجودی نیە، باشە بۆ بەو ناوە بانگیان کردووە؟ لە چەواشەکاریە یان لە نەزانینە؟ پێموایە لە نەزانینە چونکە ئەو سێناتۆرە بەرێزە سەرۆکی "لیژنەی بەرگری لە سێنات"ە و ئەم لیژنەیەش لە هەموو رویەکەوە گرنگە.

ئەم سێناتۆرە پاش دیداری دەگەل سەرۆکی هەرێم ماوەی هەفتەیەك لە کوردستان دەمێنێتەوە، دیداری سەرۆك و جێگری سەرۆك وەزیران، سەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلەمان، وەزیری ناوەوەی هەرێم، سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی کوردستان، بەرێز مەسرور بارزانی و لە کۆتای سەرۆکی مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم، بەرێز فەلاح مستەفا دەکات[22].

رۆژی 2010/11/8 سەرۆکی پەرلەمانی کوردسان، رێزدار دکتۆر کەمال کەرکوکی، پێشوازی لە سێناتۆر دێ گرێگۆریۆ دەکات، لەم دیدارە سێناتۆری ئیتالی دەلێ "پەیمانی ناتۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانی دەستنیشانکردووە بۆ وەرگرتنی میدالیلی ئاشتی پەیمانی ناتۆ و بریارە لە ئایندەیەکی نزیك و لە رێورەسمێکی شایستەدا ئەو خەلاتە بە بەرێزیان ببەخشرێ"[23] (خەبات 2010/11/9).

ئێمە ئەو هەموو دیدار و داوەتکردنە بە کارێکی پۆزەتیڤ نابینین لە کاتێك ئەم سێناتۆرە قسەیەکی خێری بۆ کورد نەکردووە، وتارێکی لە رۆژنامەیەك نە

---

[21] خەبات، 2010/11/7 لە جیاتی دێ گرێگۆریۆ نوسیویەتی "دێ گرێگۆلیۆ".

[22] بنوارە خەبات، لە رۆژی 7 تا 2010/11/11 و سایتەکانی سەروکایەتی هەرێم، پەرلەمان و حکومەت، میدیاکانی پارتی (خەبات) ناوی نوێنەری حکومەت ناهێنێت کە یاوەری سێناتۆر دێ گرێگۆریۆ بووە لەم سەردانە.

[23] سەبارەت بە دیداری سێناتۆر دێ گرێگۆریۆ لەگەل سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرتە لەسەر ئەم لینکە بکە: http://www.xebat.net/printpage.php?pr=5018 ، هەروەها بنوارە "خەبات"ی 2010/11/9 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نووسیووە، لە کاتێك دیٚ گریگۆریۆ ژیانی سیاسی بە ڕۆژنامەنوسی دەست پێکردوەو بۆ ماوەی زیاد لە 20 سال بە بەردەوامی کاری ڕۆژنامەنوسی کردوە. بۆ دەبیٚ لەگەل ئەو هەموو سەرانەی کورد دیدار و کۆبونەوە بکات، ئەوە ئەتەکێت و عورف دیپلۆماسی نیە، بۆ دەبیٚ لەگەل وەزیری ناوەوەو و سەرۆکی ئاژانسی پارستن کۆبێتەوە؟ ئاخۆ سەرکی هەرێم لەو هەموو سەردانە رەسمی و نا رەسمیانەی ئیتالیا بۆ جارێکیش لەگەل وەزیری ناوخۆ و بەرپرسی دەزگای ئاسایشی ئیتالیا کۆ بۆتەوە و بە ڕێکەوتیش یەکتریان دیوە؟ هەلبەتە نەخێر، لەم ولاتانەی یاسا سەرەوەرە 99٪' هاولاتیان ناوی بەرپرسی ئاژانسی پاراستنی ولاتەکەیان نازانن و ئەوانیش زۆر بە دەگمەن دێنە سەر شاشەی تەلەفزیۆن، لە هیچ ولاتێکی نۆرمالیش سەرۆك کوڕی ناکاتە بەرپرسی ئەو دامەزراوەیە. کەچی مەسرور بارزانی هەموو رۆژێك لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنە، کاتیٚ باوکی لە دەرەوە بیٚ ئەو پێشوازی لە شاند و میوانە بیانیەکان دەکات، بەشداری هەلمەتی هەلبژاردن دەکات، هەر رۆژەی پێشوازی لە شاندی خوێندکاران و لاوان، ئافرەتان، مامۆستایان، پزیشکان، جوتیاران و کاسبکاران و .... هتد دەکات. وا هەست دەکەی خەریکی هەموو شتێك بێت تەنها "پاراستن و ئاسایش"ی کوردستان نەبێت. ئەم دەزگایانە (پاراستن و زانیاری)، سەر بە حیزبن و بە نایاسایی دروستکراون[24] و هەر دەزگایەکیش نا یاسایی بێت دەسەلاتەکەی خراپ بەکار دەهێنیٚ.

ئەم هەلوێست و کردارانە هەیبەتی دامەزراوەکانی هەرێم بەهێز ناکەن، بە پێچەوانە لاوازی دەکەن.

سێناتۆر دیٚ گرێگۆریۆ، تەمەن 50 سال، بە پیشە رۆژنامەنوس، 15 سالێکە، لە پال پیشە سەرەکیەکەی، دەستی بە بازرگانی، کڕین و فرۆشتنی کۆمپانیا و چوونە ناو سیاسەت کردوە، لەم 15 سالەی دوایی 10 حیزب و ڕێکخراوی گۆڕیوە و نازناوی

[24] فاروق جەمیل، وەزیری دادی کابینەی پێنجەم ووتی "دەزگای زانیاری و پاراستن نا یاساین، داوا لە سەرۆکی ینك و پدك دەکەم دایانخەن"، هاولاتی 8|9|2008. لە راستیدا دەستور، یاسا و دمەزراوەکانی هەر ولاتێك ئەگەر پێچەوانەی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ و یاسا و عورفی نێودەولەتیین شەرعیەت لە دەست دەدەن. بە پێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری پەرلەمانی کوردستان دەزگای پاراستن و زانیاری دوو دەزگای تیرۆریستین، بۆ زانیاری زیاتر بنوارە گۆڤاری لڤین، ژ. 126 ی 2010/5/10.

[Digitare il testo]

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

Targhe alterne بەدەست هێناوە، بە کورتی و بە کوردی واتە "ئەوکەسانەی سەنگەر دەگۆڕن"[25]، لە پڕێکا زۆر دەولەمەندیش بووە. لە سالی 2000 کۆمەلە ـ ڕێکخراوێکی بە ناوی "ئیتالیەکان لە جیهان" دروستکردوە، مەبەستی سەرەکی بریتیە لە "پیشاندانی روو و روخساری ئیتالیا، بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ، بە جیهانی دەرەوە، فرۆشتن و ساغکردنەوەی کالا و بەروبومی ئیتالی".

لە نیسانی 2006 دەبێتە ئەندامی سێناتی ئیتالیا، دەبێت بە ئەندام لە لیژنەی بەرگری سێنات، لە کاتی هەلبژاردنی سەرۆکی لیژنەکە، بەبێ ئەوەی ناوی لە نێو کاندیدەکان هەبێ و بە بێ ڕەزامەندی حیزبەکەی، بە مانۆرێکی سیاسی هەموو ئۆپۆزسیۆن لەگەل گروپێکیتر دەنگی پێدەن و دەبێ بە سەرۆکی لیژنەی بەرگری. ئەوەش  بە یەکێك لە روداوە "سەنگەر گۆڕینەوە" هەر زەقەکانی پەرلەمانی ئیتالیا ناسراوە. گومانی ئەوەی لێدەکرێت بە پارە لە لایەن گروپی بەرلوسکۆنی، ئەوکات لە ئۆپۆزیسیۆن بوون، کڕابێت، حیزبەکەی خۆی بریاری دەرکردنیدا لە ریزی حیزب و فراکسیۆنی پەرلەمان.

لە سالی 2007 کتێبێك لە ئیتالیا، بە ناوی " La Casta، قۆلبڕ و ساختەچیەکان"، لە لایەن رۆژنامەنوسێکی بەناوبانگ و لێهاتوی ئیتالیا بلاوکرایەوە و  دانەیەکمان کڕی و خوێندەوە[26]. ئەم کتێبە دەنگێکی زۆری دایەوە و بە دەیان بەرنامەی تەلەفزیۆنی، سەدان کۆڕو سێمیناری بۆ سازکرا، تەنانەت دەیان کتێب و لێکۆلینەوە لەسەر ئەم "قۆلبڕو ساختەچیایەتی"ە بلاوکرانەوە. لە رێگەی ئەم کتێبە زیاتر ئاشنایەتیم لەگەل سێناتۆری دۆستی سەرۆکی هەرێم پەیدا کرد، لە لل 17–19 و 118 باسی، دەیان، قۆلبرین و فرتوفێلی ئەم سێناتۆرە کراوە، دەیان کۆمپانیای وەهمی دروسکردووە و قۆلی زۆر کەسی بڕیوە،  باسی ئەوە کراوە لە سالی 2005 کۆمپانیایەك دەکڕێت بە دەهەزار یورۆ، بە قودرەتی قادری، دوای یەك هەفتە

[25] لە شارەکانی ئیتالیا  و شوێنی تریش، بۆ پاراستنی ژینگە، شارەوانیەکان، ناوە ناوە بریار دەدەن، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، رۆژێك ئەو ئۆتۆمبیلانەی ژمارەکانیان بە تاك کۆتای دێت و رۆژێکیش ئەوانەی بە جووت کۆتاییان دێت بتوانن بسورێنەوە، ئەوەش بە ئیتالی پێی دەلێن Targhe alterne

[26] Gian Antonio STELLA, La CASTA, Rizzoli, pp. Pp. 284
بۆ زانیاری لەسەر قۆلبرین و ساختەچیایەتی ئەو سێناتۆرەی دۆستی سەرۆکی هەرێم بنوارە لل 17–19 و 118.

[Digitare il testo]

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نرخەکەی بۆ دوو ملیۆن زیاتر بەرزدەبێتەوە. لێرە گومانی تێوەگلان لە کاری مافیا و شوشتنەوەی پارەی پیس دەکەوێتە ئەستۆ.

وەکو رۆژنامەنوس دەیان هەوالی ناراست و هەلبەستراوی بلاوکردۆتەوە.

بە پێی هەوالی رۆژنامەکان ئەم سێناتۆرە لە 5 دادگای ئیتالیا بەم تاوانانەی خوارەوە گوناهبار کراوە[27]:

- تاوانی تێوەگلان لە مافیا.
- تاوانی رێکخراوە.
- گەندەلی و کرین و فرۆشتنی دەنگ لە کاتی هەلبژاردنەکان.
- تەزویر.

لە حوزەیرانی 2007 لە لایەن دادگای شاری ناپۆلی بە "شوشتنەوەی پارەی پیس و پەیوەندی هەبوون لەگەل مافیا و کەمۆرە Camorra گوناهبارکراوە و لەژێر لێکۆلینەوەیە.

لە 2008/2/25 لە دادگای رۆما بە کاری "گەندەل"ی گوناهبار کراوە.

لە ئۆپێراسیۆنەکی پۆلیسی دژ بە تاوانی "رێکخراو"، لە مالی کابرایەکی جەردەی مافیا، بە دەیان "چەکی بانق" دەدۆزنەوە کە لە لایەن سێناتۆر دێ گرێگۆریۆ ئیمزا کرابوون.

لە 2008/4/8 دادگای شاری Reggio Calabria، دیسان، بە هەولی گەندەلی و مافیا گوناهبار دەکرێت.

لە بەهاری 2007 دۆستی سەرۆك بارزانی خۆی کاندید دەکات بۆ پۆستی پارێزگاری شاری جەنەوا Genova، لیستێك، بەئیمزای 680 کەس، پێشکەش دەکات بەلام کۆمیسۆنی هەلبژاردن لیستەکەی قەبول ناکات چونکە تەنها 400 ئیمزا راست بوو، ئەوانیتر هەمووی تەزویر بوو.

---

[27] ئەدەبیاتێکی یەکجار زۆر، سەبارەت بەو تاوانانە، لە میدیاکانی ئیتالیا دەست دەکەون، هەرکەسێك ئیتالی یان ئینگلیزی بزانێت بە ئاسانی لە ماوەی چەند کاتژمێرێك، لە رێگەی ئینتەرنێت، هەوال و بەلگەو بریاری دادگای دەست دەکەوێت. ئێمە، بۆ ئەو زانیاریانە، پەنامان بۆ "ویکی پێدیا"ە بردوە:
http://it.wikipedia.org/wiki/Sergio_De_Gregorio



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له هەلبژاردنی 2008 له زیاد له شوێنێك شكاتی لێكراوه كه به تەزویر لیستی له دەرەوەی ئیتالیا پێشكەش كردووه، ئەوەته له شوباتی 2010 یەكێك له سێناتۆره هاورێكانی له رێكخراوه ـ حیزبەكەی (ئیتالیەكان له جیهان)، Sen. Nicola Paolo Di Girolamo به تاوانی گەندەلی، تەوزیر و هەلخەلەتاندن گیراوەو له زیندانه. دەبوایه، له كاتی هەلبژاردن، به فەرمی ئیقامەی له دەرەوەی ئیتالیا بوایه بۆ ئەوەی لەسەر بەشی رەوەندی ئیتالی خۆی كاندید بكردایه كەچی خۆی له ئیتالیا بوو و هەموو بەلگەكانی تەزویر كردبوو. ئەو سێناتۆره دانی به گوناهو تاوانەكانی ناوەو دەلێ "300 هەزار یورۆی كاشم داوەته دەست سێناتۆر دیٚ گرێگۆریۆ، ئەم پارەیەش رەشبوو[28].

رێگه به خۆمان نادەین له بریتی دادگا بریاری كۆتایی بدەین و بلێین تاوانباره، چەته و مافیایه بەلام له ولاتێكی وەكو ئیتالیا كه دەسەلاتەكان له یەك جیان، یاسا سەروەره ئەو "ماسته بێ موو نیه" بەم هەموو گوناه و تاوانانه شكاتی لێبكرێت.

چاودێران پێیانوایه، سێناتۆر دیٚ گرێگۆریۆ، ئەگەر حەسانەی پەرلەمانی نەبوایه، دەمێك بوو كەیسەكانی یەكلاكرابوونەوه و خرابووه زیندان بەلام ئەو حەسانەیه رێگەی له دادگاكان گرتووه كار لەسەر كەیسەكان بكەن. زۆر له چاودێر و رۆژنامەنوسان پێیانوایه له خولی داهاتووی پەرلەمان دیٚ گرێگۆریۆ شانسی دەرچوونەوەی نیه، ئەوكاتیش رێگا لەبەردەم داواكاره گشتیەكان دەكرێتەوه بۆ ئەوەی كەیسەكان هەلدەنەوه و زیاتر بەدواچونی بۆ بكەن.

پرسیار ئەوەیه ئاخۆ رەوایه سەرۆكی هەرێم، به فەرمی، كەسێكی وەكو ئەو سێناتۆره بانگهێشت بكات؟ ئەو داوەتكردن و دیدارانه، بۆ هەیبەتی سەرۆك و دامەزراوەكانی هەرێم، به پۆزەتیف یان نەگەتیف دەگەرێنەوه؟ تۆ بلێی سەرۆكی هەرێم له ژیاننامه و كەیسەكانی دادگایی ئەو سێناتۆره ئاگادار نەكرابێتەوه و گۆلی لێكرابێت؟ ئەگەر ئاگادار كرابێتەوه، بۆ هەر مەبەست و

[28] رۆژنامەی il Mattino ، 2010/09/10

[Digitare il testo]

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرژەوەندیەك، چاوی لێپۆشیبێت ئەوە "فاول"ێکی گەورەیە و قابیلی قبول نیە. خۆ ئەگەر، لە لایەن پسپۆر و راوێژکارەکانی، ئاگادار نەکرابێتەوە ئەوە کارەساتێکی گەورەیەو "عوزر لە قەبەحات گەورەترە" و قسەکەی پرۆفیسۆر عەباسی وەلی، کە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، راست ودروست دەردەچێ.

سێناتۆر سێرجیۆ دێ گرێگۆریۆ دەلێ من لەسەر داوەتی فەرمی سەرۆکی هەرێم سەردانی کوردستانم کردووە بۆ ئەوەی هانی کۆمپانیاکانی ئیتالی بدەم پرۆژەی وەبەرهێنان لە کوردستان ئەنجام بدەن. بە پێی ئەو زانیارانەی لە سایتەکەی خۆی بلاوکراوەتەوە زۆربەی کاتەکان دێ گرێگۆریۆ لە دەرەوەی ئیتالیایە، لەم وولات بۆ ئەو وولات بە دوای تەندەر، کرین و فرۆشتن و پەیداکرنی بازاڕو کریارە بۆ بەرهەمی کۆمپانیا ئیتالیەکان. لە راستی سێناتۆر دێ گرێگۆریۆ، وەکو خۆی دەلێ، مەبەستێکیتری سەردانەکی بریتیبووە لەوەی، بە پێی هەلوێستی حکومەت و وەزیری دەرەوەی ئیتالیا، داوا لە بارزانی بکات بۆ ئەوەی هەموو دەسەلات و هەیبەتی، بۆ ئازاد کردنی تاریق عەزیز، بەکار بهێنێت. بە قسەی سێناتۆر دێ گرێگۆریۆ بارزانی ووتوویەتی "هەلوێستی من نوێ نیە، تۆڵەکردنەوە و خوێن وەرگرتنەوە ئەنجامی پۆزەتیف نا هێننەدی. هەرچەندە میللەتەکەمان مەینەت و جینۆسایدی زۆری چەشتووە بەلام بەشبەحالی خۆم تێنویێتی تۆڵە سەندنەوە بۆتە پرنسیپی رێزگرتن لە ژیانی مرۆڤ .... تەنانەت کاتی خۆی ووتم ژن و کچەکانی سەدام حوسێن دەتوانن لە عێراق بمێننەوەو ژیان ببەنە سەر، ئەوان لە قەتل و عام و پاکتاوکردنی نەژادی بەشدار نەبوون. تاریق عەزیز، پیاوێکی پیرو نەخۆش، لە ژیان بێت باشرە لەوەی کە لە سێدارە بدرێت". سەرۆکی هەرێم بەلێن بە سێناتۆری ئیتالی دەدات رۆژی 2010/11/8 لە کاتی کۆبوونەوەی سەرکردە عێراقیەکان لە هەولێر، کە بە دەستپێشخەریەکە بارزانی ناسراوە، پێشنیاری "لێبوردن و ئازادکردنی تاریق عەزیز" بکات.

دۆستایەتی سەرۆکی هەرێم و سێناتۆر دێ گرێگۆریۆ ئەوەندە بەتینە و گەیشتۆتە ئەو رادەییەی هەموو "نهێنیەکی" لا بدرکێنێ، سێناتۆر دەلێ رۆژی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

2010/11/6 ئەو کاتەی لای سەروك بارزانی بووم لە لایەن جۆن بایدن Joe Biden جێگری سەرەکی USA تەلیفۆنی بۆ کرا و من شاهید حالی ئەو گفتۆ گۆیە درێژەی نێوانیانم، بارزانی داوای ئازادکردنی تاریق عەزیزی پێ ڕاگەیاند[29].

گریمان سێناتۆر دێ گرێگۆریۆ دەست پاك و خاوەن مۆرالێکی بەرز و دۆستی کوردە بۆ دەبێ ئەوەندە گرنگی و ڕێز لێنانەی لێ بگیرێت و لە کاتێکی ئەوها ناسك و گرنگ ئەو هەموو کاتەی بۆ تەرخان بکرێت و گوێ لە گفتوگۆی گرنگی نێوان سەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکی ولاتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکا بگرێت و لە کاتێك بە 2 ـ 3 سال جارێك مەسعود بارزانی گوێ لە سەرۆك و سکرتێری "حیزبە کوردستانیەکان" ناگرێت؟

ئاخۆ لە روانگەی مێژوو، ئەخلاق و خوێنی شەهیدان رەوایە سەرۆکی هەرێم ئەوها بە جۆش و خرۆشەوە داکۆکی لە تاوانبارێکی گەورەی وەکو تاریق عەزیز بکات، ڕێز لە بڕیاری دادگای بالای تاوانەکان و بنەما دەستوریەکان نەگرێت؟

رەخنە و نیگەرانیمان لە داوەت و هاتنی پەرلەمەنتار، سیاسەتمەدار، رۆژنامەنوس، سەندیکالیست و چالاکوانانی کۆمەلگەی مەدەنی نیە بۆ کوردستان بە پێچەوانەوە حەزدەکەین هەرچی زۆرترە بێن تا بە چاوی خۆیان بارودۆخەکە ببینن و هەلسەنگاندنی بۆ بکەن. مەسعود بارزانی، لە دوای کەوتنی رژێمی سەدام، هەر سالەی 1 ـ 2 جار سەردانی ئیتالیای کردووە، جگە لە قەداسەتی پاپا، لەگەل 2 سەرەك وەزیران و وەزیری دەرەوە، 3 سەرۆك پەرلەمان، 3 سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پەرلەمان و .... هتد دیداری کردووە کەس نەمابوو داوەتی بکا تەنها سێناتۆر دێ گرێگۆریۆ؟[30]

[29] سێناتۆر دی گرێگۆریۆ لە رۆژی 2010/11/7، ئەو کاتەی لە هەولێر بوو، بە تەلیفۆن دیمانەیەکی لەگەل "رادیۆی رادیکال" کرد و باسی چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردنی دەگەل سەرۆکی هەرێم دەکات، بۆ بیستنی قسەکانی دێ گرێگۆریۆ: http://www.radioradicale.it/scheda/314960/intervista-a-sergio-de-gregorio-sulla-sua-visita-in-iraq-e-sulla-condanna-a-morte-di-tarek-aziz
http://it.notizie.yahoo.com/19/20101107/tpl-iraq-de-gregorio-pdl-c-e-spiraglio-p-1204c2b.html

[30] هەولدەدەین، لە ئایندەیەکی نزیك، بە بەلگە، باسی هەموو سەردانە، بە ئاشکراکانی، سەرۆکی هەرێم بۆ ئیتالیا بکەین و شیکردنەوەی بۆ بکەین، لەم هەموو سەردانانە، بۆ جارێکیش، لەگەل رەوەندی کوردستانی لە ئیتالیا کۆنەبۆتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە کۆنگرەی 13 پارتی هەندێ لە دۆستە ئیتالیە نزیکەکانی سەرۆکی هەرێم و پارتی داوەتکرابوون، دووان، بە بێ ئەوەی ناو و پلەی حیزبی و حکومیان بهێنن، لە رۆژی یەکەمی گۆنگرە، وتاریان خوێندەوە، ئەوەندە بە شان و بالی مەسعود بارزانی و پارتیان هەلدا بووە هۆی ئەوەی پارتیە "رەخنەگرەکان" لە خۆیان تەریق ببنەوەو شەرمەزاری بیانگرێت. هەموو "پێشکەوتنەکانی هەرێمیان" بە هەول و کوششی حەکیمانەی بارزانی و پارتی لە قەلەمدا، بە ووشەیەك باسی لافاوی گەندەلی، پێشێلکاری ماف مرۆڤ، دوو ئیدارەی و ...هتد نەکرد. فەرموو تەماشای رۆژنامەی خەباتی 2010/12/12، لاپەرە 3 ڤێرنێتی Gianni Vernetti دەلێ "دەمەوێ رێز و سلاوی پارتی دیموکراتی ئەوروپا و پارتی هاوپەیمانی دیموکراسی ئەورووپاتان پێ رابگەیەنم". خوێنەر نازانی کێیەو لە کوێ هاتووە. ئەمە ئەو کەسەیە کە میدیا و راگەیاندنەکانی پارتی، سەروکایەتی هەرێم، حکومەت و پەرلەمان لە سەردانەکە بارزانی بە "جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتالی" ناویانبرد[31].

لە لاپەرە 7 پەیامی "سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا" لە لایەن داریۆ ریڤۆلتە Dario Rivolta خوێندرایەوە، گومانی زۆر هەیە کە سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا (سیلڤیۆ بەرلوسکۆنی) ئاگاداری ئەم کۆنگرەیە بێت، حالی خۆی و حکومەتەکەی ئەوەندە شرە کەس بەخیلی بە پلەو پایەکەی نابات[32].

داریۆ ریڤۆلتا بازرگان و بزنزمانە، تا سالی 2008 ئەندام پەرلەمان بوو بەلام ئێستا، بە فەرمی، بۆتە "راوێژکاری سەرۆکی هەرێم" بۆ کاروباری بازرگانی، لە سەردانەکانی بارزانی بۆ ئیتالیا تەنها ریڤۆلتا چاو ساغی و ریش سپیایەتی بۆ

---

[31] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پارتەکەی ڤێرنێتی، کە 4 ئەندامی لە سێنات و 6 ئەندامیش لە ئەنجومەنی نوێنەران هەیە، واتە ٪01 ئەندامی لە پەرلەمانی ئیتالی هەیە، بنوارە سایتی حیزبەکەی بە ناوی "هاوپەیمانی بۆ ئیتالیا Alleanza per l’Italia": www.alleanzaperlitalia.it بەرێز ڤێرنێتی نە سەرۆك و نە جێگری سەرۆکی حیزبەکەیەتی و نە بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەیە. راستە بەرپرسێکی بالای ئەو حیزبەیە و لە سالانی 2006 ـ 2008 جێگری وەزیری دەرەوە بوو. سایتی تایبەتی خۆشی بریتیە لە: www.giannivernetti.it لە هەردوو سایتەکە ئاماژە بە سەردان و بەشداریکردنی ڤێرنێتی، لە کۆنگرەی 13 پارتی نەکراوە.

[32] کابینەکەی بەرلوسکۆنی رۆژی 2010/9/29 و 2010/12/14 لە پەرلەمان روو بەرووی متمانەوەرگرتنەوە بوو، بە هەزار ئایەتول کورسی، بە 4ـ 5 دەنگ زیاتر متمانەی فەرمی وەرگرتەوە بەلام چاودێران پێیانوایە بەم زۆرینە "ماتماتیك"یە ناکرێت درێژە بە دەسەلات بدات، ئەگەری زۆر هەیە لە بەهاری داهاتوو هەلبژاردن بکرێتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەكات. قاچێكی لە سەری رەش و یەكێك لە ئیتالیایە. لە وتارە بێ سەرو بەرەكەی، زیاد لە هەموو پارتیەك، مەدح و سەنای بارزانی و پارتی كرد، ماستاوێكی وا خەستی گرتەوە "ماستی هەولێر"یش خۆی لە قەرەی نادات[33].

یەكەم سەفەری داریۆ ریڤۆلتا، لەسەر بانگهێشتنی سەرۆكی حكومەتی سلێمانی، بەرێز عومەر فەتاح، لە ئابی 2004 بوو[34] بەلام پارتی زوو ئەو هەلەی قۆزتەوە و كردی بە راوێژكاری خۆی و، تا كار گەیشتە ئەوەی ریڤۆلتا چیتر خۆی بۆ پەرلەمانی ئیتالیا كاندید نەكات، تەنانەت هیچ بەرپرسیاریەتێكی لە حیزبەكەی بەرلوسكۆنی نیە، بۆ نمونە بەرپرس یان ئەندامی "پەیوەندیەكانی دەرەوە"، بۆ دەبێ بە ناوی سەرەك وەزیرانی ئیتالی یان حیزبەكەی "پارتی گەلی ئازادیخواز Popolo della Libertà" قسە بكات.[35]

لە سالی 2005 ەوە هەموو سالێك لە هەولێری پایتەخت، بە پالپشتی و كۆمەكی حكومەتی هەرێم "پێشانگای نێودەولەتی ئیتالی" دەكرێتەوە. لە ئەیلولی 2010 زیاد لە 100 كۆمپانیای ئیتالی بەشداریان تیاكرد، نازانین ئەوانە كۆمپانیای راستەقینە یان وەهمی بوون؟ بە پێی زانیاری میدیاكانی كوردستان تاكو ئێستا 2 كۆمپانیای ئیتالی، كەرتی گشتی و تایبەت، لە هەرێم كاری "وەبەرهەمهێنان" ناكەن، واتە ئەوەی هەیە مشەخۆرن. بەرێز داریۆ ریڤۆلتەش لە 2010/5/21، لە كاتی سێمینارەكی تایبەت لەسەر كوردستان لە رۆما، بۆ كەنالی KNN، پەژارەی خۆی بۆ نەبوونی كۆمپانیا ئیتالیاكان دەربڕی[36]، تەنانەت ئەو لایەنەی

---

[33] لە روی مۆرال مرۆڤ پێویستە دوعا بكات "دۆست"ی ئەوهای نەبێت باشترە، من بۆ خۆم تەریق بوومەوە كە وتارەكەی ریڤۆلتەم خوێندەوە، تۆ دەبێ چ لە "دۆست و راوێژكار"ێك چاوەڕوان بكەیت كە تەنها بە شان و بالتدا هەلبلێ و زمانی، لە ئاست كەموكورپیەكان، نەیەتە گۆ. دەقی وتارەكە بنوارە، خەبات، 2010/12/12، ل 7.

[34] بنوارە ك. ن. لاپەرە 1ی 2004/8/5 و پرۆژە درۆزناویەكان، كارگەیەكی مەرمەڕیان بە 30 ملیۆن دۆلار بە "ملی" حكومەتكرد، دوای دوو سال بە 2 ملیۆن دۆلار بە كەسێكیان فرۆشتەوە، بە پێی ئەو زانیاریانەی لە دەستی ئێمە هەیە هەموو ئەو پرۆژانەی، لە رێگەی داریۆ ریڤۆلتە، لە میدیاكانی دەسەلات بلاوكراوەنەتەوە و پارەیان بۆ تەرخانكراوە "پرۆژەی وەهمی" بوون و لە بەهەدەردانی پارەی میللەت شتێكیتریان لێ شین نەبووە

[35] بۆ زانیاری دەربارەی حیزبەكەی سەرەك وەزیرانی ئیتالی، ناوی سەركردایەتی و بنكردایەتی، پەیوەندیەكانی دەرەوەو ناوەوە بنوارە پێگەی حیزبەكە: www.ilpopolodellaliberta.it بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی داریۆ ریڤۆلتە، بە ئیتالی و ئینگلیزی، بنوارە پێگەی تایبەتی خۆی: www.dariorivolta.it. لە هەردوو سایتەكە، بە كەموزۆر، باسی ئەو سەردانە نەكراوە، خوا دەزانێ لە بریتی ئەو قسە "نەستەقانە" چەند بەخشیش و خەلاتی بەهاداری وەرگرتووە.

[36] كەنالی كەی ئێن ئێن، سایتیی "سبەی" لە رۆژانی 21 و 2010/5/22 بە درێژی هەوالی ئەم سێمینارەیان بلاكردەوە كە تایبەت بوو بە "دۆزی كورد" و لە سێناتی ئیتالی بەسترا. كەنالی KNN، دیمانەیەكی لەگەل داریۆ ریڤۆلتە كرد.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە ئامادەکردنی ئەو "پێشانگا ئیتالیا"یە لە کوردستان هەلدەستێ لە سایتەکەی خۆی رۆژانە هەوالی تایبەت بە هەرێم بلاو دەکاتەوە باسی کەموکورتی و نەبوونی کۆمپانیا ئیتالیەکان دەکات[37]. ئەگەر ئەو هەموو سەردانە ئاشکرا و نهێنیانەی سەرۆکی هەرێم، بە یاوەری شاندە حیزبی و حکومیەکان بۆ ئیتالیا، لەبەر چاو بگرین دەسکەوت و بەرهەمەکانمان بۆ دیار دەبێت.

بەرێز سێناتۆر دێ گرێگۆریۆ، ئەمرۆ یان بەیانی، دەبێ لەبەردەم دادگا وەلامی هەموو ئەو تاوانانە بداتەوە کە لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد. لە ئیتالیا "یاسا بە سەبرو بە زەبرە"، ئەوەتە 54 وەزیرو ئەندام پەرلەمانی سەر بە حیزبەکەی سەرەك وەیرانی ئیتالیا، سیلڤیۆ بەرلوسکۆنی، لەژێر لێکۆلینەوەن و هەندێکیشیان بە زیندان سزادراون. یاسا و دادوەرەکان خاتری وەزیرو پەرلەمەنتار ناگرن، هەر کەسێك تاوانێك ئەنجامبدات لێپێچینەوەی لەگەل دەکرێت. ئێستا قەیرانێکی سیاسی گەورەو قول لە ئیتالیا لە ئارادایە، سەرەك وەزیران، بەرلوسکۆنی، کە دەولەمەنترین کەسی ئەم وولاتەیە، دەیان تاوانی خراوەتە ئەستۆ و لەژێر لێکۆلینەوەیە. چاودێران بۆچونیان وایە، بەرلسکۆنی ئەگەر دەسەلاتی سیاسی لەدەست بدات، بە دلنیایەوە راپێچی دادگاو زیندانی دەکەن، لەبەر ئەوە بە هەموو شێوەیەك خەریکە دەنگی هەندێ پەرلەمەنتار "بکرێت و یان کرپویەتی". ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی قەیرانەکە رۆژ دوای رۆژ ئالۆزتر بێت. حکومەتەکەی بەرلوسکۆنی، لە رۆژی 210/12/14 لە سێنات بە 3 دەنگ زیاتر و لە ئەنجومەنی نوێنەرانیش بە 4 دەنگ زیاتر "متمانە"ی بەدەست هێناوە ! !

لەم کات و ساتە کێ باوەڕ دەکات بەرلوسکۆنی ئاگاداری کۆنگرەی 13 پارتی بێت و پەیام رەوانە بکات؟ دوو مانگ پێش ئێستا سەرۆکی هەرێم، بۆ ماوەی 20 رۆژ، هاتە ئیتالیا، 14 رۆژ شونبزر بوو. ئاخر سەرۆکی هەرێم لە چ وولاتێك و کام

---

[37] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی "پێشانگای ئیتالی لەکوردستان"، بە زمانی ئیتالی، عەرەب و کوردی سەردانی ئەو سایتە بکە:
http://www.italianexpo.it/iraq/iraq_2010_presentazione.htm



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرۆك ساڵێ 1 ـ 2 جار، بۆ ماوەیەك، خۆی شونبزر دەكات؟ دەمی خەڵك و مێشكی خەڵك ناگیرێت، بۆ وا دەكەن من و رەعیەتەكەت گومان لە سەردان و چالاكیەكانت بكەین، بە تایبەت كە دەزانین پەیوەندی دۆستایەتیت دەگەڵ هەندێ كەسی "گومانلێكراو" بەهێزە.

ئەگەر "یاسا سەروەر بێت" چۆن سەرۆكی هەرێم، بە یاوەری ئەندامانی بنەماڵە و پارتی، بە بێ پرۆگرام ئەو هەموو سەردانانە بكات و ناوە ناوەش خۆی شونبزر بكات؟. بوونی شاندی پەرلەمان (بە ئۆپۆزسیۆنەوە) و دەزگاكانی راگەیاندن (بە تایبەتی ئەهلی و سەربەخۆكان) گومانەكان دەرەوێننەوە هێزو متمانە بە هەیبەتی سەرۆكایەتی دەدەن. سەرۆك ئەگەر، بۆ سەردانەكانی دەرەوە، مۆڵەتیش لە پەرلەمان وەرنەگرێت باشترو دروسترە بە راوێژ و هەماهەنگی ئەو "مەرجەعەی كوردستان" بێت نەك وەك سەرۆكی دیوانی هەرێم دەڵێ "سەرۆك پێویستی بە مۆڵەت و پرسكردن" نیە[38]. بەڕێز سەرۆكی دیوانی هەرێم، د. فواد حوسێن، ئەكادیم، قانون ناس و..... هتد بەشێكی زۆری ژیانی لە ئەوروپا بەسەر بردووەو دەزانێ "رۆڵ و سەروەری یاسا" چەندە گرنگە، نەدەبوایە پاساوی بێ بنەما بهێنێتەوە و ناچارمان بكات بڵێین "هەزار رەحمەت لە كفن دز". عەقلانیەت بە دەسەلاتدارانی هەرێم دەڵێ "چیتر سەردان و چالاكیەكان بە دزی و نهێنی ئەنجام نەدەن، ئەوەی تاكو ئێستاش كردوتانە، بە بێ شەرم، ئاشكرای بكەن" ئەگەر نا ئەمرۆبێت یان بەیانی Julian Assange جۆلیان ئەسانگێكیتر، لە سایتی ویكیلیكس wikileaks ئاشكرایان دەكات.

---

[38] سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی دەڵێ "پێویست ناكات پەرلەمانی كوردستان ئاگاداری ئەو سەردانانە بێت ....... لە وولاتە دیموكراسیەكانیشدا سەرۆك ناچێت پرس بە پەرلەمان بكات و پاشان سەفەر بۆ دەرەوەی وولات بكات"، هەفتەنامەی هاوڵاتی، 2009/11/21. ئەم قسەیە نیشانەی نەناسینی"ئەلف و بێ"ی پرنسیپ و بنەماكانی خودی دیموكراسیەتە، تەنانەت بۆچونێكی تەواو دیكتاتۆریانەیە. لە وڵاتانی دیموكراسی ناوەرۆكی سەردان ، راگەیاندن و ئەو رێكەوتنانەی سەرۆكی وولات ئیمزایان دەكات لەبەر چاوی میدیاكان ئەنجام دەدرێن و بلاودەكرێنەوە و بە ئاسانی دەگەونە دەستی هەموو هاولاتیەك. د. فواد حوسێن نموونەی ئەوەشمان بۆ ناهێنێتەوە ئاخۆ سەرۆكی كام وولاتی دیموكراسی، بۆ تەنها جارێكیش، خۆی شونبزر، كردبێت؟ بە پێی راگەیاندنە فەرمیەكان، مەسعود بارزانی لە 29ی سێپتەمەبەر تا 18 ئۆكتۆبەری 2010 سەردانی ئیتالیای كرد، راگەیاندنەكانی سەرۆكایەتی هەرێم و پارتی تەنها تاكو 5ی ئۆكتۆبەر باسی چالاكیە دیبلۆمایەكانی بارزانیانكرد، كە گەرایەوە لە ئێوارەی 18ی ئۆكتۆبەر، وەكو جارانی پێشو هیچ جۆرە كونفرانس و دیداری دەگەل میدیاكان، سەبارەت بە سەردانەكەی، نەكرد!!

[Digitare il testo]

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرێز سەرۆکی هەرێم دۆستی ئەوهای هەبێت (بەرلوسکۆنی، دێ گرێگرۆیۆ، ریڤۆلتە، ڤێرنێتی و ... هتد) لە جیاتی خەلاتێك دەیان خەلات، بە ناوی ئاشتی، لێرەو لەوێ وەردەگرێ، "پارە بدەو مەلا لە مزگەوت دەرکە". بە دلنیایەوە خەلاتی ئاشتی "هاوپەیمانی ناتۆ" وەرناگرێ، چونکە ئەو خەلاتە وجودی نیە بەلام دەکرێت بەیانی، پاش ماوەیەکیتر، بە کۆمەکی سەرۆکی هەرێم و راوێژکارەکانی، کۆمیتەیەك یان رێکخراو Club بە ناوی پالپشتی لە "ناتۆ"، بە دەیان پاساو، دروستبکرێت و مەدالیا یان خەلاتێك بە ناوی ئاشتی بداتە سەرۆکی هەرێم. ئەم مەدالیا و خەلاتانەش لە هەیبەتی سەرۆکی هەرێم و دامەزراوەکانی کوردستان کەم دەکەنەوە.

**د. جاسم تۆفیق خۆشناو**

لە 1959 لە دایك بووە، لە 1981 لە ئیتالیا دەژی:

بەکالۆریۆسی لە زانستە رامیاریەکان، بەشی سیاسەتی نێودەولەتی وەرگرتووە.

لە 1995 دکتۆرای لە "مافی مرۆڤـ" بەدەست هێناوە.

1998 دکتۆرای لە "پەیوەندیە نێودەولەتیەکان" بەدەست هێناوە.

تا ئێستا دەیان کتێب و نامیلکەی بە زمانی ئیتالی لەسەر لایەنە جیا جیاکانی دۆزی کورد نووسیووە، هەندێکیان کراونەتە کوردی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*******

**تێبینی:**

له 18 ی دیسەمەبەری 2010 ئەم نووسینەم بۆ سایت و گۆڤاری "لڤین" نارد، لەگەل دەسپێکردنیش بڕیارمدا تەنها بۆ ئەوان ڕەوانەی بکەم، لەسەر ئەو بنەمایەش بابەتەکان و شێوەی دارشتنەکەم هەلبژارد. ڕۆژی 2011/1/3 بە کورتەنامەیەك سۆراغم لە لڤین کرد، بەداخەوە تا ئەم چرکانەش، بەکەمو زۆر وەلامیان نەداومەوە. من، هەمیشە، هەلوێست و کارەکانی لڤین و ستافەکەم بەرز نرخاندوە، ئێستاشی دەگەلدا بێت بەرز دەنرخێنم و دەستخۆشیان لێدەکەم. دەزانم چەندە ئازاو چاو نەترسن، کارەکانیان چەندە بە پێز و سودبەحشن، مەخابن لە ئاست ئەم نووسینە بیٚ دەنگبوون.

2011/01/11، **کاتژمێری** 08:00 **بە کاتی ئیتالیا**

**************************************************

ئەم بابەتە، بۆ یەکەمجار لەم سایت و مالپەڕانە، له 2011/01/16 بلاوکراوەتەوە:

سایتی هاوپشتی، لەم لینکە بلاوکراوەتەوە:

http://hawpshti.com/kurdi/babeti_gshti/5089.html

دەنگی سەربەخۆکان
http://www.kurdistanan.net/index.php

http://www.kurdistanan.net/print.php?sid=23847

سایتی دەنگەکان.
http://www.dengekan.info/dengekan/

لێرە کرتە بکە:

http://www.dengekan.info/dengekan/11/8942.html



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com